تێکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

## گرتنی سێ ترۆریستی سەروە رژیمی ئێران لە بغداد

ئەرتەشی ئەمریکا لە هێرشێکدا لە ناوچەی شوعلە سێ ترۆریستی سەروە رژیمی ئاخوندی گرت وە چوا رترۆریستی دیکەشی کوشت. سایتی فەرمی هێزە فرەڕەگەزەکان رایگەیاند کە هێزەکانی هاوپەیمانان لەو هێرشەدا کە مەبەستی گرتن یان کوشتنی عەوامڵی سەروە هێزی قودس سوپای پاسداران ئەنجامیان دا. لەگەڵ هاویشتنی چەکی سوك وئارپیجی لەلایان ترۆریستانەوە بەرەورووبون. هێزەکانی هاوپەیمانان لەدوای ئاشکراکردنی هێزی دژمن، وڵامیان دانەوە و ٤ ترۆریستیان کوشت. گومان دەکرێ ترۆریستەکان مۆرەی سەرەکیی رایەڵکە ئاسانکاری قاچاخی چەك و چۆڵ و کەرەسەی بۆمبی نفوزکەری نیشانەرەوی (ای.اف.پی) لە ئێران بۆ ئێراق بۆکەڵك وەرگرتن لەدژی هێزەکانی هاوپەیمانان بن. (مارك یانگ) قسەکەری ئەرتەشی ئەمریکارایگەیاند: هێزەکانی هاوپەیمانان عەمەلیاتی خۆیان لەدژی ترۆریستان ورایەڵکە کانی قاچاخی چەك لە ئێران بۆعێراق درێژە پێدەدەن .نفوزی رژیمی ئێران بۆتە بەربەست لەبرانبەر دامەزراندنی ئاشتی وئاسایش لەعێراق. ئێمە بەکەمی هەڵتەکاندنی رایڵکە ترۆریستەکان کە لە عێراق بەدوای کوشتنی عێراقیە بێ تاوانەکان وهێزەکانی هاوپەیماندەن موتەعەهید دەمێننەوە.

## هێرشی تۆپخانەیی هێزەکانی رژیمی ئاخوندی بۆ سەرناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

لەماوەی چەند رۆژی رابردوو هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان لەناوچەکانی قەڵادزێ و هەروەها ناوچەکانی حاجی هومەران بە توندی تۆپباران دەکا و بە هۆی ئەو تۆپ هاویشتنانەوە چەندین دێی لەو ناوچانە بە تەواوی بە چول کردن داوە و خەسارەتێکی زۆری بە ماڵ و جێگەی ژیان و کاروکاسپی دانیشتووانی ئەو ناوچانە گەیاندووە و چەندین کەس بریندار بوون.

ئەو کردەوە قیزەونەی هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی جارێکی دیکە حەزی شەرئەنگێزی و رەفتاری فاشیستانەیان دەر دەخا.

بە پێی هەواڵەکان کاربەدەستانی رژیمی ئێران و سپای پاسداران لە پیرانشار بە بڵاوکردنەوەی



ئاگادارییێك خەڵکی دێی سنوورییەکانیان لە ناوچەی حاجی هومەران ئاگادار کردۆتەوە شوێنی ژیانیان بە جێ بهێڵن. بە پێی ئەو ئاگادارییەی رژیم، هێزەکانی نیزامی رژیم هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە توندی هێرشی هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی بۆسەر ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق مەحکووم دەکا و هەرەشەی رژیم بە هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان بە دەخاڵەتی رووهەڵماڵاوانە و شەرئەنگێزانە و فیتنەگێری دەسەڵاتدارانی ئاخوندەکان لەناوچەکە دا دەزانێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١ی خەرمانانی ١٣٨٦ بەرانبەر بە ٢٠٠٧/٨/٢٢

## رژیمی ئێران هوی پەرەپێدانی توندوتیژیە لە عێراق

ژنراڵ دیوید پاتریوس فەرماندە گشتی هێزی فرەرەگەزەکان لە عێراق لە وتوێژیکدا لەگەڵ تلویزیونی ئەی بی سی ئەمریکا، رژیمی ئێران بە سەرچاوەی پەرەستاندنی توندوتیژی لەعیراق زانی، ژنراڵ پاتریوس مەبەستیەتی بە سەختترکردنی هەلومەرج بۆ تروریستەکان وتاقمە چەکدارەکان قازانج لەو گەڵاڵە کە مەبەستی ناردنی هێزی سەربازی زیاتر بوو بکا. ناوبراو لەوهەلومەرجەدا چوتە ناوچەی تاجی کە یەکێك لەو ناوچانەیە کە لەنێوان سوننی و شێعە شەڕو پێکدادان روودەدا. ژنراڵ پاتریوس دەڵێ ئەو ناوچەیە لە ناوچەکانی بەرەی پێشەوەی شەڕ لە عێراقدایە. ژنراڵ پاتریوس رایگەیاند ئەو لایەنەی یارمەتی بە پەرەپێدانی شەڕ لە بەرەی پێشەوەی جەبهە ئەدات رژیمی ئێرانە. ناوبراو گوتی وێنەگرتنی سەربازانی ئەمریکایی لە مانگی مارسی رابردوو لە پیاوێك بە ناوی (قیس الخز علی) بەڵگەیێکە دەیسەلمێنێ رژیمی ئێران چەك و تەقەمەنی دەداتە تاقمە چەکدارە شیعەکان لە عێراق. پاتریۆس گوتی ئێمە لە خزعلی مان پرسیوە ئێوە دەتانتوانی ئەو کردەوانە بەبێ پشتیوانی رژیمی ئێران ئەنجام بدەن؟ ئەو لە وڵامدا پیکەنیوە و گوتویەتی بێ گومان نەخێر.

## باوکی شەهیدێکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد

رۆژی سێ شەممە ١٦ی گەلاوێژ، رەشید بەگی عوسمانی خەڵکی ساوانی بانە باوکی شەهید زاهیری عوسمانی کۆچی دوایی کرد. رەشید بەگی ساوان، دۆستێکی نزیکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بوو وە تا کاتی ماڵ ئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی، بە دڵسۆزی مایەوە و یەکێك لە خەمخۆرانی کوردستان بوو، رەشید بەگ لە ناوچەی بانەدا پیاوێکی ناسراو و رەوشت پاك و جێگەی متمانە بوو، بە فەوتی ئەو کەسایەتیە کورد خۆشەویستە، سازمانی خەبات و خەڵکی ساوان یەکێك لە خەمخۆرترین کەس بۆ کوردایەتیان لە دەست دا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی فەوتی رەشید بەگی باوکی شەهید زاهیر ساوانی، پرسە و سەرە خۆشی بە خانەوادەی بەڕێزیان ڕادەگەیێنێ و لە خوای گەورە داواکارە کۆچ کردوو بە بەهەشتی بەرین شاد کا و سەبووری بە خانەوادەی بەڕێزیان و کەس و کاریان بدات.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٧ گەلاوێژی ١٣٨٦

# هەواڵەکانی کوردستان

## بریندار بوونی ٢ کەس لە کامیاران لەلایەن بەکرێگیراوانی رژیمەوە

بە پێی هەواڵەکان بە هۆی دەستڕێژی بەکرێگیراوێکی رژیم بە ناوی یعقوبی لە گوندی ترانکەشی کامیاران، ٢ کەس بریندار بوون. ناوبراو دەزگای ماسەشوویی لەسەر زەوی کەسێکی خەڵکی گوندی ناوبراو داناوەو بەهۆی ئەوەی کە خاوەن زەوییەکە داوای لێ کردوە یان زەوییەکە بکڕێتەوە یان کرێی پێ بدا، تەقەی لێ کردوە. جێی باسە یعقوبی جاشێکی بەدناوە کە خەڵکی ناوچەکە زۆر لێی نارازین.

***

## دامەزراندنی فەرمانداری تایبەت لە مەهاباد

رۆژی یەك شەممە ١٣٨٦/٥/١٤، ئوستانداریی ورمێ بە فەرمانداری مەهابادی راگەیاند کە لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ و پەسەند کردنی هەیئەتی دەوڵەت فەرمانداریی تایبەتی لە مەهاباد دادەمەزرێ. بەپێی ئەم بریارە حاڵەتی بەرپرسایەتیی بەرپرسانی ئیدارەکانی ئیتلاعات و ئاموزش و پەروەرش تا رادەی جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئوستان دەچێتە سەر و ئەمەش دەستی بەرپرسانی رژیم بۆ سەرکوتی هەر چی زیاتری خەڵك ئاوەڵاتر دەکا.

شایانی باسە بە هۆی نارەزایەتیی هەمیشەیی خەڵکی مەهاباد لە رژیم و سیاسەتەکانی، دانانی فەرمانداریی تایبەتی لەم شارە باری سیاسی و ئەمنیەتی هەیە و هەر چەند ئەرکەکانی ئەم ئۆرگانە سەرکوتکەرە روون نیە بە هەنگاوێکی دیکەی رژیمە بۆ فشاری زیاتر خستنە سەر خەڵکی مەهاباد.

***

## پاسدارێك کرا بە بەرپرسی زانکۆی ئازادی مەهاباد

رۆژی شەممە ١٣ی گەلاوێژی ١٣٨٦، لە هۆلی کۆبوونەوەکانی زانکۆی ئازدی مەهاباد دا راگەیندرا کە پاسدارێکی رژیم بە ناوی (عادڵ سەڵواتی) وەك بەرپرسی زانکۆ دیاری کراوە. پێشتر بەرپرسی زانکۆی ئازادی مەهاباد خەڵکی مەهاباد بوو و دانانی ناوبراو بۆتە هۆی پێکهێنانی شك و گومان لە نێو خەڵکدا و ئەمەش هەنگاوێکی دیکەی دەوڵەتی ئەمنیەتی و نیزامی ئەحمەدی نژادە بۆ پێکهێنانی کەشێکی پۆلیسی و نیزامی لە زانکۆکان دا.

***

## دەر کردنی حوکمی ٩١ رۆژ زیندان و لێدانی ١٠ قامچی بۆ ١١ کرێکار

بە پێی هەواڵی کۆمیتەی داکۆکی لە مەحمود ساڵحی لەلایەن لقی ١٠٤ی دادگای گشتی شاری سنەوە بۆ ١١ کەس لە گیراوانی رۆژی ١ی مانگی مەی سنە، بە ناوەکانی فارس گویلی، سدیق سوبحانی، خالید سواری، تەیوب مەلایی، تەیوب چەتانی، یەدواڵڵە مورادوەیسی، سدیق ئەمجەدی، مەحیەدین رەجەبی، حەبیبوڵڵا تەوەکولی، عەبباس ئەندەریانی بە تاوانی تێکدانی نەزمی گشتی و بەشداری لە کۆبوونەوەی نایاسایی دا بۆ هەر کامیان حوکمی ٩١ رۆژ زیندانی (تەعزیری) و لێدانی ١٠ قامچی دەرکرا.

شایانی باسە دادگای گشتی و دادسەرای بە ناو شۆرشی ئیسلامی، سکاڵای لەم کرێکارانە کردوە. ناوبراوان ٢٠ رۆژ دەرفەتیان هەیە تا نارەزایەتی خۆیان بەو حوکمە دەرببڕن.

***

## کاسبکارێك کەوتە بەر هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکان

کاسبکارێك کەوتە بەر هێرشی هێزە سەرکوتگەر و چڵکاوخۆرەکانی رژیمی ئاخوندی، بە هۆی پەلاماری مەئمورانی شارەداری و هێزە ئینتزامیەکان کاسبکارێك بە توندی بریندار بوو.

رۆژی یەك شەممە ١٤ی گەلاوێژی ١٣٨٦، مەئمورانی شارەداری بۆکان بە پاڵپشتی هێزی سەرکوتگەری ئینتزامی، کاسبکارێکی میوە فرۆشیان دایە بەر پەلامار و بە توندی برینداریان کرد.

جێگای باسە هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمی ئاخوندی ئێران دوای لێدان، کاسبکارەکەیان زیندان کردوە.

***

## سووتانی چوار کەس بە هۆی تەسادوفی ماشین

بە داخەوە رۆژی سێ شەممە لە نزیك دێ ی قۆخان لە دوو ماشین کە گازوائیلیان بارکردبوو ئاگریان گرت کە لە ئاکامدا چوار کەس کە دوو کەسیان خەڵکی رەبەت بە ناوەکانی ئاوات ئەرزرنگ شخصەیی و ئیسماعیل ئیبراهیمی و دوکەسیان بە ناوەکانی شەریف مروتی کوڕی حاجی رەحیم خەڵکی دێی بەردەڕەش و سەلیمی رەسوڵی کوڕی رەحیم خەڵکی دێی زێویە لە ناوچەی بانە، سوتاون. بە بۆنەی ئەو رووداوە تاڵە و سووتانی ئەو هاونیشتمانیانە سەرەخۆسی بە کەس و کاریان دەڵەین و لە غەم و ماتەمیان دا شەریك و هاوبەشین.

***

## بریندار بوونی دوو کەس لە جادەی سەردەشت ـ پیرانشار

رۆژی پێنجشەممە ١١ی گەلاوێژی ١٣٨٦، ٢ کەس بەناوەکانی صلاح یوسفی و هەژار قادری خەڵکی شارەدێی شێناوێ لە جادەی سەردەشت ـ پیرانشار، لە نزیك ئاوایی ترکەش دەکەونە بە دەسڕێژی بەکرێگیراوانی هێزی بەناوئینتزامیی رژیمی ئاخوندی و هەردوکیان بریندار دەبن. ئەو دوکەسە لەکاتی گەڕانەوەیان لە سەردەشتەوە بۆ پیرانشار کە هیچ جۆرە کەل و پەلێکیان پێ نەبووە، کەوتوونەتە ناو بۆسەی هێزەکانی رژیمی ئاخوندی

***

## رژیم لاوانی هەژار فریو ئەدات

ماوەی چەند حەوتوویێکە بەرپرسانی رژیمی ئاخوندی گەڵاڵە دادەڕێژن بۆ بەستنی بەنداوێك لە بەردەڕەشانی پیرانشار. چڵکاوخۆرانی رژیم لە دێهاتەکانی نزیك بەردەڕەشان پڕوپاگەندەیان ڕێکخستووە کە ئەگەر هەر لاوێك ببێتە بەسیج، لە بەنداوەکەدا کاری دەدەنێ. بەپێی ئەو هەواڵە تا ئێستا چەند لاوی دێهاتەکانی چیانە و بەردەڕەشان هەڵخەڵەتاون و لە هێزی بەسیجی رژیم دا ناویان نووسیوە.

***

## رژیم مانۆڕێکی سەربازی لە ناوچەی سەرشیوی سەقز بەڕێوە دەبات

بە گوێرەی هەواڵەکان کە لە ناوچەی سەرشیوی سەقزەوە بە دەستمان گەیشتوون، رژیمی ئاخوندی، مانۆڕێکی سەربازی لە رۆژی سێ شەممەوە واتە ١٣٨٦/٥/١٣ بۆ ماوەی ٥ رۆژ دەست پێ کردوە.

بەر لە دەست پێکردنی مانۆڕەکە، دەشتەوانانی دێهاتەکانی میك و باینجان و دەرەویان و کەسنەزان و سماقلۆو، ئاگادار کراونەتەوە کە نەچنە سەر زەوی و زارەکانیان. جێگەی ئاماژە پێدانە هێزی سوپا و جاشخانەی میرەدێ ئەو مانۆڕە بەڕێوە دەبەن.

سەرە خۆشی لە کەس و کاری شەهید دەکەین و کردەوەی هێزەکانی رژیم مەحکوم دەکەین.

****

## هەوڵی رژیم بۆ فریودانی خەڵك و چەکدارکردنیان

***راگەیێندراوی هاوبەشی کومیتەکانی مهاباد، بۆکان، پیرانشار و سەردەشت ی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران:***

بەپێی ئەو زانیارییانەی بە کومیتەی تەشکیلاتیەکانی سازمانی خەبات گەیشتووە، بەرپرسانی رژیمی ئاخوندی لەناوچەکانی کوردستان لەڕێگەی بەڵێنیی جۆراوجۆرەوە، هەوڵ دەدەن ئەفرادی فریوخواردوو چەکدار بکەن. وەك دەرکەوتووە رژیم لەشارەکانی مهاباد، بۆکان، پیرانشار و سەردەشت بەشێوەی بەربڵاو لە هەوڵی جاش کۆکردنەوە دایە. بەپێی زانیاریەکان لەهەرکام لەو شارانە، دەبێ ٨٠٠ جاش چەکدار بکرێن کە ئێستا لەهێندێك شار ژمارەیێك رەوانەی فێرگەش کراون و چەکدار کراون. شوێنی دەورەپێدانی ئەو خۆفرۆشانە لە ئاوایی خەلیفانی سەر بەشاری مهابادە. ئەو کەسانەی کە ناوی خۆیان بۆ جاشیەتی نووسیوە، قەراردادی ٣ ساڵەیان لەگەڵ رژیم ئیمزا کراوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەگەڵ مەحکووم کردنی ئەو کردەوە قێزەونەی خۆفرۆشان و بەکرێگیراوانی رژیمی ئاخوندی لە کوردستان، داوا لە جەماوەری بەشەرەف و لاوانی تێکۆشەری شارەکانی مهاباد، بۆکان، پیرانشار و سەردەشت دەکا، بەجیددی رووبەڕووی ئەو سیاسەتە دزێوەی دەسەڵاتدارانی رژیم لە کوردستاندا ببنەوە. لە هەمان کاتدا ئاگاداری "حاجی هادی"فەرمانداری خۆفرۆش لە پیرانشار و "عەلی ئاتەش پەرەست" بەرپرسی سوپای پاسدارانی بۆکان، کە لەپشت ئەم کردەوە دزێو و دژەنیشتمانی و نەتەوەییەن، دەکات، دەست لە خەیانەت و جاشایەتی هەڵگرن، ئەگینا دەکەونە بەر رقی پیرۆزی گەل و شۆڕشگێڕان و جەماوە و ئازادیخوازان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کومیتەکانی مهاباد و بۆکان و پیرانشار و سەردەشت

١٠ی خەرمانانی ١٣٨٦